# لە پەراوێزی وتارەکەی بارزانیدا:

خەتاب سابیر

ئەگەر مرۆڤی کورد بەچاوێکی تیژو وردەکاریەوە بڕوانێت بۆ ڕووداوەکانی دوای ١١ ی سێپتەمبەر و ئالۆگۆڕەکانی کە بوون و دەبن لە جیهاندا ، دەبێت دیوی ناوەوەی گوتاری سیاسی حیزبە سەرەکیەکانی کوردستان بە هەند وەربگرێت و لە ئاست ڕووداوەکاندا هەر تەماشاکەر نەبێت ، ڕۆڵی لیدەری بێ خەم بە سەرکردەکانی کورد نەبەخشێت ، ئەمە پرسیارێکە دەبێت بۆ دیوە شاراوەکانی بگەڕێین و گۆترەکاری گوتاری سەرکردایەتی سیاسی کورد بە هەنگاوەکانی خۆیان بپێوین.

ئایا ، تاکەی خەڵکی کورد و ڕوناکبیران و قەڵەم بەدەستەکانی بە تایبەت ، بەخەم ساردیەوە دەڕواننە هەستیارترین و ناسکترین و چارەنووسترین سات و هەلومەرج کە لە پێشدایە، ڕوونتر بڵێم ئەگەری لێدانی عێراق و لابردنی ڕژێمی عێراق. تاکەی تووتیانە باسی حیکمەت و توانایی وەهمی سەرکردەی حیزبەکان بکرێت لە کاتێکدا هیچیان لە باردا نەبێت. بەدەر لەوەی کە ئەمریکا ، بە شوێن سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی خۆیەوەیەتی و تەنها دەیەوێت سەدام لاببات و ژەنراڵێک یان شتێک لە چەشنی کارزای بهێنێتە جێگەی، بەڵام مەرج نیە هەمیشە ڕووداوەکان بە خواستی ئەمریکا بڕوات ، عێراق ئەفگانستان نیەو کۆمەڵگای عێراقیش جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە لە چاو کۆمەڵگای ئەفگانستاندا. بەڵام ئەوەی من مەبەستمە هەلومەرجی کوردستانە لە ئێستاو لە داهاتوودا ، لە پەیوەندیش بە وتارە مێژووییەکەی بارزانیەوە کە وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنیوە بەشی پەرلەمانی پارتیدا لە هەولێر جاڕیدا لە ڕۆژی ٢٥_٣_٢٠٠٢.

دیارە باسەکەی بارزانی بۆ زۆرێک لە خەڵکی کوردستان شتێکی نوێ بوو،سەرکردەیەکی کۆنسێرڤەتیڤ ئاوا بەزمانی دایەلۆگ لەگەڵ وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا و بەتایبەتیش تورکیای کەمالیست بدوێت ، تا ئەو جێگەی دایەلۆگ ڕەت ناکەنەوە، دواتریش بە هەڕەشەیەکی حەکیمانە جامی پەنگخواردووی خەڵکی کوردستانیان پێ نیشان بدات. ئەوەی کە لای من زۆر جێگەی پرسیارە ، ئەوەیە، ئایا بارزانی بە کێوە دەنازێت کە ئەم هەڕەشەیە دەکات؟ ئایا تا چەندێک ئەو وتارەی بارزانی دەبێتە جێگەی متمانەی خەڵک و تا چەندیش داگیرکەرانی کوردستان بە جدی لێی وەردەگرن و بایەخی پێ دەدەن.خاڵێکی تر کە جێگەی سەرسوڕمانی زۆربەی خەڵکەو بە تەواوی لە گەڵ سیاسەت و گووتاری سیاسی پارتیدا لە دەساڵی ڕابردوودا

**یک ناکەوێتەوە، ئەوەیە ، بە داگیرکەران دەڵێت ،بەم دەقە کە لە ڕۆژنامەی برایەتی (٢٦_٣_٢٠٠٢) دا**

> خالێکی تر ڕەنگە زۆر لایەن، وەکو زانیاریمان هەیە گرەویان لەسەر ئەوەیە، ئەگەر گۆڕانکاری بوو، ئیتر کورد تێک بەردەبێ و دەبێ بەشەڕێکی ناوخۆ، ئیتر ئەوان بەوە خۆشحاڵن، **فەرموون لە ئێستاوە دەتوانم ئەو بەڵێنە بەگەلی کورد بدەم و هەروەها ئەو پەیامە بەوانە دەدەم کە بەوە دڵخۆشن، هەر وەختێ گەیشتە ئەوەی دەرفەتی ستراتیژی بۆ کورد بێتە پێش، کە چارەنووساز بێ سەبارەت گەلی کورد، ناکۆکییەکانی ناوخۆ هەمووی بەلایەکەوە دەنێین و جەخت دەکرێتە سەر مەسەلە ستراتیژییەکان و ئایندەی میللەتی کورد، ئەو وەختە نە بەرژەوەندی حزبێک قیمەتی دەمێنێ، نە وجودی شەخسێکیش قیمەتی دەمێنێ.**

**نووسراوە.**

---

**لێرەدا ، دەیان پرسیار یەخەی بارزانی و پارتی دەگرێت، دەیان پرسی گرنک بەرۆکی دەگرن و داوای متمانەو ڕاستگۆیی ئەم قسەیەی لێدەکەن. لەوانەو لەهەمویان گرنگ تر ، ئایا بارزانی گەرەنتی ئەوە دەدات کە جارێکی تر بۆ باڵادەستی حیزبەکەی خۆی لەبەرامبەر هەر حیزبێکی تری کوردستانیدا ، عەریزە نادرێتەوە بە سەرکۆماری عێراق و گاردی کۆماری بانگێشت ناکرێتەوە ، بۆ داگیرکردنەوەی شارێک ، تەپۆڵکەیەک ، پێدەشتێک.....هتد. ئایا گەرانتی چی دەدات بە گەلی کورد لە سەر قوتەیەک ، ملەیەک، هەڵەتێک، هەزاران ڕۆڵەی هەژاری تری کورد نەکرێت بە قورگی کاکوتی شەڕی ناوخۆدا جارێکی تر؟.**

**ئایا بۆ دەبێت لە کاتی تەنگانەدا نەبێت ، بیر لە مەسەلەی ستراتیژی گەلی کورد نەکەنەوە، ئێوەو یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان چوارساڵە ڕێکەوتننامەی واشینتۆنتان ئیمزا کردووە ، ٧٠ _٨٠ کۆبوونەوەی فەرمیتان لە باڵاترین ئاستدا گرێداوە، تا ئێستاش نە ئێوەو نە یەکێتی تەواوی ڕاستیەکان بە خەڵک ناڵێن ، چ جای ئەوەی کە کار وا بڕوات دەیەیەکی تریشی دەوێت تا بەڕێزت و بەڕێز تاڵەبانی بەیەکەوە دادەنیشن لە بەشی سەوزی کوردستاندا،بارزانی ئەو هەموو داوایەی لێکرا بچێت بۆ سلێمانی و وەڵامی سەردانەکانی تاڵەبانی بداتەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر خستیە دواوەو نەیکرد ، بەڵام چ پارتی و چ یەکێتی ئامادەن بچن لە گەڵ قومسێرێک ، حەس حەسێک، پاسدارێک، ڕەفیق حیزبیەکی بەعسی دابنیشن و هەموو پرۆتۆکۆلێک لە پێشەوە بە سپێتی ئیمزا بکەن. ئایا کە ئێوە لەهەشت ساڵی شەڕی ناوخۆتاندا، سەرتان کردووە بە هەموو کونێکدا بۆ پلیشانەوەی یەکتر، دەکرێت خەڵکی کوردستان متمانە بەم قسانەتان بکەن و هیچ ئاهێک بکاتە دەروونی گەلی کوردی تینوی ئازادیەوە....**

**کارێکی زۆر باش دەکەن و هەموو خەڵکی کوردستانیش بە ڕێزەوە سەیری هەڵوێستی ڕێک و ڕەوانتان دەکات ، ئەگەر لە خزمەتی بەرژەوەندی باڵای گەلی کورددا هەنگاوی باش و بوێرانە بنێن. بەڵام لە کاتێکدا هەموو خەڵکی کوردستان ڕق وبێزاری لە سوپای بەعس دەردەبڕن ، ئێوە(یەکێتی و پارتی) وەکو سەرکردایەتی کورد پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە ڕەشەتان کرد لەو سوپا سەراپا لەش سوورە بە خوێنی گەلی کورد ، بە بیانووی دیبلۆماسیەت و دڵڕاگرتنی سوپا!، مەگەر سوپاو تەواوی دەزگاکانی تری ڕژێم ، هەمووی هەر سەدام نیە؟،**

©kurdistannet

مەگەر لە تەرەكینی سوپای عێراقەوە ، ڕۆژێک هەبووە ئەم سوپایە سەركوتی گەلی كورد و ئازادیخوازانی عێراق نەكات.

ئایا ئەم دوو حیزبە سەرەكیەی كوردستان كە ئاشتیتان نەكرد ، لە هەشت ساڵی ڕابردوودا ، دوو دەسەڵاتی خۆماڵی حیزبیتان دامەزراندوە، خەڵک ئەم بەڵێنەتان تا چەند بە هەند لێوەردەگرێت.

ئایا تاكەی سەركردایەتی كورد پێی وایە ،كە دەبێت دوای ئاڵوگۆڕەكان بكەون ، تا كەی دەبێت دەست پان بكەنەوەو چاویان لەوە بێت كە ئاڵتەرناتیڤ چی دەبێت لە داهاتوودا و بپاڕێتەوە لە پاشماوەی ڕووداوەكان، تاكەی گوتاری سیاسی سەركردایەتی كورد بە دەنگی نووساوو پێچ وپەناوە دەخوێندرێت، ئایا كام هێز لە عێراقدا بە ئەندازەی دوو حیزبەكەی كوردستان مەیداندارن و بە كردەوە هێزی سەرەكی ئۆپۆزیسۆنن،كە بڕیارە سەدام لاببرێت ، بۆ ناكرێت كە ئێوە بەشداربن لە دانانی نەخشەو پلاتفۆرمی سیاسی عێراق و چارەسەری مەسەلەی میللی خەڵكی كوردستان بە شێوەیەک كە خواستی گەلی كورد بێت.

من بەش بەحاڵی خۆم ، لە قسەكانی بارزانی جگە لە گوتەی جوان و سەرنج ڕاكێش جگە لە زۆر پارادۆكس ، شتێكی تر هەڵناكرێنم... ئەم قسانە جگە لە درێژە كێشانی ئەم نائاشتەواییە زیاتر ، جگە لەوەی زیاتر لاواندنەوەی تاكڕەوی حیزبی و حكومەتی تاک حیزبی شتێكی تری تیا هەڵناهێنجرێت، هیچی دیكە ناگەیەنێت بۆ زامی قووڵی خەڵک جگە لە قسەی گوێ ئاگردان زیاتر. پارتی و یەكێتی لە ١٤ ساڵی ڕابردوودا ، كەمترین كاریان بۆ بە دۆكیومێنت كردنی جینۆسایدی گەلی كوردستان كردووە ، پاش چواردە ساڵ بۆ یەكەم جارە لە هەرێمی پارتیدا كۆبونەوەیەک دەكرێت كە كار بۆ ئەنفال بكات ، بەڵام لە یەكەم هەنگاویدا ، سەلماندی كە كۆنفراسێكی حیزبیە(١) كە نەیان هێشت ٣ كەس لە چالاكترین شوێنكەوتوانی دۆسیەی ئەنفال، ٣ كەس لە نوسەرانی گۆڤاری ئەنفال لە هەرێمی سەوزەوە بێن بۆ هەرێمی زەرد. جگە لەوەی دەیان كادری یاسایی و پسپۆر لە ئەنفالدا لە ئەوروپا و هەرێمی سەوزدا بەشداریان نەكرد.

ئەوەی كە ئێستا بە هەردوو حكومەتەكە، هەیانە ، لە ساڵی ١٩٦٣ ، حكومەتی عێراق ڕەوای بینیوە بە كورد بە قەولی د.محمود عوسمان. ئەوسا نە كورد ئەنفال كرابوو، نە هەڵەبجە ژاركوژ كرابوو ، نەفەیلیەكان دەربەدەركرابوون، نە بارزانیەكان بزركرابوون ، بە گشتی نە كوردستان خاپوور كرابوو.بەڵام بارزانی دێت لە پەرلەمانێكی دوولەت بوەوە ،كە تەنها فراكسیۆنی زەردی تیایە ، دیارە ٥ نوێنەرەكەی مەسیحیەكان ناڵێم ، چونكە گەر بەعسیش بووایە لە باتی پارتی ئێستا ، ئەوان هەر بەشدار دەبوون لە گەڵیانا. لە پەرلەمانێكەوە كە هیچ شەرعیەتێكی نەماوە ، دوا دڵۆپی ئابڕووی تكێنرا ، ناوی حكومەتێک دێنێت جگە لە حكومەتی حیزبەكەی ، بە خوێی هەویریش ناگات بە خەڵک ، بارزانی دێت وەكو سەرۆک حیزبێک كە هیچ شەرعیەتێكی نیە بەو سیفەتەو لەو مینبەرە قسە بكات. لە بری هەموو گەلی كورد و پەرلەمان و حكومەت ، پەیام بۆ ئەم و ئەو دەنێرێت و ڕەشوسپی دیاری دەكات.

پارتی ئەوەندەی مەبەستێتی كە پەرلەمانە لەتبوەكەی بە شەرعیەت لە قەڵەم بدرێت ، ئەوەندەی مەبەستێتی ئەم وەزعەی لە دەست نەچێت و نازونیعمەتی ئیبراهیم خەلیل ئاوا نەبێت ،ئەوەندەی مەبەستێتی حكومەتەكەی خۆی قایم بكات ، بە تۆسقاڵێكیش خەمی چارەنووسی ستراتیژی گەلی كوردی نیە.

ئایا ئەوەندەی ئەم دوو هێزە هەرزان فرۆشیان كردووە بۆ دەوڵەتە داگیركەرەكانی كوردستان ، چارەگی ئەوە بۆ یەكتریان بكردایە ، ئێستا ناوماڵەكەیان یەک ناختەوە، حكومەتی بەعسی شۆفینیست ، كە هەچ كاتێک ئەوەندەی ئێستا لە مەرگەوە نزیک نەبووە، كەچی هێشتا دەست لە تەعریب و تەرحیل هەڵناگرێت،تەنانەت ئامادە نیە ، ئەوەی بە تەنها دەیدا بە یەكێتی لە ١٩٨٤ ، ئێستا بیدا بە هەردوو حیزب ، مرۆڤی كورد ، چۆن

ئەو هەڵوێستەی پارتی هەڵبسەنگێنن ، کە لە ١١ ساڵی ڕابردوودا ، ئەوە تەنها چەند مانگێکە(هێشتا نەبووە بە ساڵێک) ، ڕۆژنامەوکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی پارتی باسی تەعریب و تەهجیر دەکات، دیارە ئەویش لە ژێر فشارێکی زۆری جەماوەری و لە ڕوو دامان بەرامبەرچالاکی کۆمینیتی کوردی لە تاراوگەدا.ئەو چەند بلیۆن(٢ )دۆلارەی پارتی هەیەتی ، ئەگەر یەک لە هەزاریشیان بۆ کارو چالاکی سیاسی تەرخان بکردایە لە دەرەوەو ناوەوە ، ئێستا فایلی ئەنفال ، لە چ ئاستێکی نێونەتەوەییدا دەبوو؟ ئەگەر وەکو بەشیش بێت هیچ کەس بە ئەندازەی قوربانیانی ئەنفال بەشیان نیە لەو مۆڵە پارەیەی خابوور ، وەلێ هەژارترین توێژی کۆمەڵانی کوردستان ئەوانن. ژنانی کەسوکار ئەنفالکراو لەسایەی دوو حکومەتی کوردیدا ،دەبێت خەریکی پریاسکە هێنان و بردن بن بەناو بازگەکانی ڕژێمدا بەرەو کوردستان بۆ چەند دینارێک،دەبێت کۆشێ خێزان بە دەسکەنەو کۆڵە کنگر فرۆشتن بەخێوبکەن. دەبێت مناڵەکانیان لە ناو تەپوتۆزی ئۆردوگاکانی سمود و شۆڕشدا نغرۆی سەرابی فەنابوون ببن و بچنە خانەی لەبیرکراوانەوە، لە کاتێکیشدا ، کۆلێژی پزیشکی سەلاحەدین و دهۆک ، ساڵانە دەبێت ڕێژەیەکی دیاری کراو لە خوێندکارانی بارزانیەکان وەربگرێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی بلیمەتی و زیرەکیان لە وانەکاندا ، چونکە ئەوان پێشوەخت نمرەکانیان شایانی ئەو کۆلێژەیە؟؟!!. کار بەم شێوەیە بڕوات عەشیرەتی بارزان کە یەکێکە لە عەشیرەتە بچوکەکانی کوردستان لە چاو زۆربەی عەشیرەتەکانی تردا، لە پێنج ساڵی داهاتوودا ڕێژەی پزیشکەکانی لە ڕێژەی هەموو پزیشکانی کوردستان زێدەتر دەبێت؟؟!!. بازاڕو بازرگانی لە شاری هەولێرو دهۆکدا بە تەواوی مۆنۆپۆل دەکرێت لە لایەن بزنیسمانە بارزانیەکانەوە، هەرچەندە ئێستا زۆربەی کراوە؟

کار گەیشتوە بەوەی کە حەمەی حاجی مەحمودی هاوپەیمانی یەکێتی ، بێتە سەر ئەو ڕایەی کە بلێ قانوونەکانی ئەم دوو حکومەتە خۆماڵیە هەر قانوونەکانی بەعسە، بڵی لە زاخۆوە تا کفری پارتی و یەکێتی مۆنۆپۆڵیان کردوە. بەڵی یەکێتی و پارتی لە خۆڕایی نیە ، یاساکانی بەعسیان تاپۆ کردوە لە سەر خەڵکی کوردستان، دە ساڵە قوماری پێدەکەن لە گەڵ بەعسدا و تەمەنی دەسەڵاتەکەیانی پێ درێژ دەکەنەوە.

ئەم بالۆرە سیاسیە بۆ یەکێتیش هەروایە تاڵەبانی لە سەردانێکی فەرمی سیاسیدا بۆ تورکیا و سوریا ، وەکو ئەوەی کە خۆی باسی دەکات و ئەوەی ڕاگەیاندنی گەروو پاراوی یەکێتی باسی دەکات ، دەبێت دەسکەوتی سیاسی زۆر گەورەی بۆ کورد چنیبێتەوەو کێشەی کوردی لە کوردستانی باشووردا بردۆتە ئاستێک؟ ، کە تۆرانیترین سیاسیەکانی تورکیاش باس لە حیکمەت و خۆگونجاندن لۆژیکی ئەم سەرکردەیە دەکەن.

ئێستا دووبارە بە ویستی ئەمریکا ، بارزانی و تاڵەبانی لە ئەڵمانیا بەیەک گەیشتنەوە لە هەفتەی ڕابردوودا ، هەرچەندە خۆیان باسیان نەکردووە بە شێوەیەکی ئاشکرا ، بەڵام پێدەچێت ئەمریکا بەشێک لەو پیلانەی لەژێر سەریدایە ، بە یەکێتی و پارتی ساغ بکاتەوە ،کەچی بڕیارێک دوو ساڵ لەمەوبەر درا بۆ کردنەوەی مەکتەبی نوێنەرایەتی هەریەکەیان لە ناوچەی ئەویتر ، هەر ئەوەیان تۆخ کردۆتەوە ، پلەس یەکگرتنەوەی سێ وەزارەت؟؟؟ کە مەگەر هەر خۆیان بزانن کەی دەیگەێننە جێگەی خۆی.

بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە کە خەڵکی کوردستان چیتر سەر نەلەقێنن بۆ ویستی تاکڕەوی ئەم دوو حیزبە ، ئەوان لە ستراتیژی ترین هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی جیهانی و هەرێمیدا نەیان توانی خێرێک بدەنەوە بۆ خەڵکی کوردستان ، ئێستا لە زمانی بارزانیەوە بە چ مەبەستێک دەفی ستراتیژ بە خەڵک دەفرۆشرێتەوە. ستراتیژی گەلی کورد ئەو ڕۆژە کرایە قوربانی کە گاردی کۆماری و جەندرمەو پاسداریان هێنایە سەر سکی خەڵکی کوردستان. من دڵنیام لایەنگرانی پارتی و یەکێتی پێم دەڵێن لە ئاوی لێڵدا ماسی دەگرم ، بەڵام خۆزیا قسەی ئەوان دەرچوایەو ئەم جارە تاڵەبانی و بارزانی لە بەر ستراتیژی گەلی کورد وازیان لە فەنتازیای

سەرکردەبوون و تاکڕەوی حیزبەکانیان بهێنایە، ئەوسا منیش دەمگووت ماسی گرتن لە ئاوی ڕوونیشدا هەر ئافاتە گەر پارتی و یەکێتی ئاوها ئالای ستراتیژی گەلی کوردیان بلند ڕابگرن.

---

١_ ڕۆژنامەی هاولاتی ، ژمارە ٦٨ ڕۆژی ١٥_٤_٢٠٠٢

٢_ بە قسەی خۆشیان بێت کە ڕۆژانە یەک ملێون دۆلار بوبێت ، ئێستا بە دە ساڵە ، بووە بە بلیۆنەها دۆلار.

©Kurdistan Net